ئەحمەد زەمانە:

# لەسەر لاوکێك لەساڵی ١٩٩٢ دەستگیرکرام

ئەمیرخان مەلارەسول

ساڵی ١٩٦٩ لەشارۆچکەی مەخموور چاوم بەدنیا هەڵهێناوە، هەرلەوشارەژیاوم وپەروەردە بوومە، دەستپێکی کاری هونەریم دەگەرێتەوە بۆساڵانی ١٩٨٧و١٩٨٨ ئەوکاتە سەرەتای کاری هونەریم بوو، لەسەرەتادا یەکەمجار دەنگی خۆم نەدیبووەوە بەڵکو بەشێوازێکی تەقلید دەستم پێکرد، بەلاّم دواتر بەردەوام بووم، ئەوەبوو توانیم شێواز و ستایلێکی تایبەت بەخۆم، دەنگێك لەدەنگی هیچ کەس نەچێت بدۆزمەوە.

بەرهەمەکانی ئەحمەد زەمانەی گۆرانیبێژ جاران بەشێوەی کاسێت تۆماردەکراو بلاّو دەکرایەوە، بەلاّم ئێستالەسەرسیدی زۆرکەم بەرهەمی تۆماردەکات هۆکارەکەی گەراندەوە بۆدووهۆ هەروەك گوتی "ئەوکاتەی کە دەستم بەگۆرانی وتن کرد ئەو وەخت وابوو کەئەو کارانەی دەکرا بەکاسێت تۆماردەکرا ئەویش لەرێگەی تۆمارگەو ستۆدیۆکانەوە بوو، بەلاّم دوای ئەوە بارودۆخی هونەری گۆرا ئیدی منیش هەوڵمداوە بەوشێوازە بەرهەمەکانم تۆماربکەم، بەلاّم دیارە لەبەرنەبوونی ئیمکانیەت نەمتوانیوە بەوشێوازە تۆمارییان بکەم، راستی کاری سیدیم کردووە، بەلاّم لەگەڵ هیواو ئاواتی من نەبووە، بەڵکو حەزدەکەم لەشوێنی باشتر تۆمارییان بکەم.

ئەحمەد زەمانە لەمیانەی کارە هونەرییەکانی یارمەتی زۆر هونەرمەندی لاوی داوە هەروەك ئاماژەی بەوەکرد کە "دەتوانم بلێم یارمەتی زۆر کەسم داوە لەوانە هونەرمەندی لاو سالار نەورۆز، زۆر هانم داوە کە بەردەوام بێت، زۆریش حەزدەکەم هونەرمەندی دیکەمان هەبێت لەوشارە.

سەبارەت بەلایەنێکی تری هونەرمەند ئەویش گوتنی (لاوك)ە، کەبۆچی هەوڵی نەداوە سەرجەم لاوکەکانی کۆبکاتەوە لەوەلاّمدا وتی "تائێستا زۆر لاوکم گۆتیە بەلاّم وەك وتم لەسەر کاسێت تۆمارکراون، ئەگەر بمانەوێ لەسەر سیدی کیان بکەینەوە پێم وایە کاری زۆری دەوێ، بەلاّم لەبەرنامەدایە لەگەڵ مامۆستا جەمیل سنجاوی ئەوکارەبکەمو سەرجەم لاوکەکانم یەکەبەیەکەیان بکەینە سیدیەك بۆئەوەی ئەرشیف بکرێن وبمێنێ.

هەروەها زەمانە سەبارەت بەسرودی نیشتمانی و چۆنیەتی گیرانی لەلایەك سەرانی رژێمی بەعسەوە باسی لەوە کرد کە ئەوکات تۆمارکردو بلاّوکرایەوە. دیارە ئەو لاوکە لەسەرجەم شارەکان بلاّوکرایەوە، پاشان کە گەرامەوە شارۆچکەی مەخموور لەدائیرەی ئەمنی مەخموور بانگرام، ئەوەبوو دواتر لەئیستخباراتی مووسڵ گیرام و ئەزیەتی زۆریان دام، لەسەر تۆمارکردنی ئەو لاوکە.

هونەرمەندی مەخموور ئەحمەد زەمانە دەربارەی دوا پرۆژەو کاری هونەری وتی " خەریکی تۆمارکردنی چەند تراکێکم کە خۆی لە٦ بەرهەم دەبینێ، ئەوەی جێگەی باسە ئەوبەرهەمانەم لەمەخموور لەگەڵ چەند برادەرێکی هونەردۆست لەوانە(سازگار وسالم سەباح) لەو ستۆدیۆ بچوکەی مەخموور بەرهەممان هێناون، ئەگەر چی ستۆدیۆکەی مەخموور بەراود ناکرێت لەگەڵ شارەکانی دیکە.

گۆرانیەکانی زۆرینەی ئاوازی خۆیەتی لەوانە (ئەی دڵ) ئاوازی خۆیەتی بەلاّم شیعرەکەی دیار نییە، بۆیە دەلێم دیار نییە چونکە بەرێکەوت لەسەر کێلی گۆرستانێك ئەو پارچە هۆنراوەم بەرچاوکەوت، ئەوەبوو شیعرەکەم بەدڵ بوو دواتر کردمە گۆرانی. هەروەها گۆرانی(شادی) هۆنراوەکەی هی زۆراب مەخموورییە،(بابچینە داران)گۆرانیەکی فۆلکلۆرییە، دابەشکردنی مۆسیقاکەی جەمیل سنجاوی بۆی داناوە، لاوکێکی تر لە نوسینی مامۆستا پیرداود مەخموورییە، کە زۆر هیلاکی لەگەڵ من کێشاوە، هەروەها مامۆستا خالیدجوتیاریش جێگەی خۆیەتی سوپاسی ئەو دوو بەرێزە بکەم. لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تر.

هەرچەند کەناڵەکوردییەکان جاران زۆرکەم بوون بەلاّم چەند بەرهەمێکیان بۆکلیپ کردووە لەوانە گۆرانی (زەمانە گولێکی دامیێ)ئەو گۆرانیەی لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو(دلزار یاسین)و مامۆستا فەرهەنگ و کاك بەرهەم لەشاری سلێمانی تۆمارکراوە. هەروەها گۆرانی (ئەمشەویش)کە ئاوازو هۆنراوەکەی هی مامۆستا موحسین شوانیە، ئەوگۆرانیەی لەکەناڵی هەرێم کلیپکراوە.

لەکۆتایی قسەکانی هونەرمەند ئەحمەد زەمانە هیوای ئەوەی خواست کەلە ئایندەیەکی نزیك بتوانین بۆ شارۆچکەی مەخموور هەموو هونەرمەندان یەکبگرنەوەو بەیەکەوە کاربکەن، بەڵکو بتوانرێ بەرهەمی جوان وەکو هەموو شارەکانی تری کوردستان بەرهەمی خۆمان پێشکەش بکەین.



"لەساڵی ١٩٩٢ ئەوکاتەی لەهەولێر لەیادی بارزانی نەمر لەگەڵ هونەرمەندان جەمیل سنجاوی وسالم سەباح وکاك نزار و زۆر هونەرمەندی دی ئەوەبوو لاوکێکی خالید جوتیارمان بەناوی (لێلێ سوارۆ)

# خیانەت

## ئەوەی تەنیا بۆ خۆی بژی مافی ژیانی نییە..... دانتی

چریکە مەخمووری

خیانەت رێچکەی تایبەتی ژیانی مرۆڤێکە لەکەسایەتی خۆی و هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانەی دەینوێنێ بەرامبەر دەوروبەری، هەموو کەسێکی خیانەتکار(هەموو خیانەتکارێك) هۆکارێکی سەرەکی کە پاڵنەریەتی تارادەیەك رق ئەستوور دەبێ کەخۆی لەخۆی تێناگات تووشی هەڵچونی دەکات. جۆرەکانی خیانەت زۆرن، سەرەتای سەرهەڵدانی وەك جەنگێکی سووك دەستپێدەکات، رەنگە(درۆ) بچوکترین یەکەی خیانەت بێ، مەبەستمان لەدرۆی سپی نییە، درۆ خیانەت نییە بەڵکو(درۆ دروشمی خیانەتە) هەموو کەسێکی تاوانبار بەهۆی درۆکردن خۆی لەگوناهەکەی پاکدەکاتەوە، بەلاّم پاکبوونەوەیەکی کاتی لەرووی کۆمەڵگاوە. خۆشمان دەزانین ئێمە کۆمەڵگاکەمان رووکەشیە، لەهەموو شتێك زۆربەی کات رووی دەرەوەی ئەبینینو ناچنە نێو کرۆکی راستیەکان. دەتوانین هەمو شتێکیش بگەرێنینەوە سەرەتای دروست بوونی تاك، زۆرجار جیاوازی نێوان منالەکان لەسنووری یەك خێزان دیکتاتۆری دەخولقێنێ تاوای لێدێت چینێك بچەوسێتەوە، دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ سۆز رۆڵی سەرەکی لەخیانەتداهەیە، کەدەبینین لەخێزاندا(پیاو یان ئافرەت)خیانەت دەکات، بۆنمونە ئەگەر پیاو خیانەت لەهاوسەرەکەی دەکات کاتێ لەکێشەی پیاوەکە بکۆڵینەوە دەگەینە ئەوبروایەی ئافرەتەکە سۆزێك بەپیاوەکە نابەخشێ و تووشی سەرگەردانی بووەو خیانەتی لێ دەکات. یا هەندێ جار لەنێوان خوشكوبرایەك کەلەژێر ساباتی یەك خێزان پەروەردە بووینە خاوەن دووڕای جیاوازن بەحوکمی ئەوەی یاسا کۆمەڵایەتیەکان پەیرەو دەکەن پێویستە برا خوشکی لەخۆی بەکەمتر بزانێ، کورەکان باس لەپێشکەوتنی کۆمەڵگادەکەن لەهەموو کۆرو سیمینارەکانی دەزگای رۆشنبیری و مافەکانی مرۆڤ لەریزی پێشەوەن بەوپێیەی کەسێکی رۆشنبیرن ئاسایی پەیوەندی خۆشەویستی دەبەستن کەسەیری فیلمە رۆمانسیەکان دەکەن بۆکچە داماوو چەوساوەکان فرمێسك دەرێژن کەچی بۆخوشکە داماوەکەیان یاخود بۆ کچەکانیان خۆشەویستی مەحالێکی زۆر مەحاڵە، یاخود بۆخۆیان پەیوەندی بەدەیان کچ دەکەنو خێرا پالاّنسەکەیان دەگۆرن، بەلاّم خوشکەکانیان بەیەك نامەی دلّداری ئابرووی هۆزێك دەبات، بۆیە ناچارن بەیەك فیشەك ئابرووی خۆیان بکرنەوە. کاتێ دەکەونە دوای کچێك زۆر بێباکانە بەڵێنی سەیرسەیر دەدەنو لەهیچ شتێك باکیان نیە تادڵی رازی بکەن، بەلاّم کەدڵی دەبەن بەخۆرایی بەجێی دێڵنو ناوی خراپی لێ دەنێن، من دەپرسم ئایا لەم خیانەتەدا کێ بەرپرسیارە؟! کۆمەڵگا یا خێزان یاخود تاك خۆی؟ ئێمە کە تاکی کۆمەڵگای رۆژهەلاّتی ناوەراستمان پێدەگوترێ کێشەمان زۆرە، ئەگەر کەسێك بەتەنیا لەرێگا بروات ئەوەندە سەیری دەکەن تا گومانی شتێك لەخۆی بکات کەم کچ هەیە بتوانێ لەگەڵ براکەی بەرێگا بروات گومانی لێدەکەن، بەراستی ئەمەش ڤایرۆسێکە تووشی جەستەی کۆمەڵگاکەمان بووە، بۆیە وای بۆدەچم گەنجانی ئێمە ناتوانن بەئازادی بژین ناچارن هانا بۆدرۆکردن ببەنو بە خۆشحالّی ئامێز لەخیانەت بکەنەوە، بیرمە ئەوکاتەی منالّ بووین کچەکەی دراوسێمان بەخۆشەویستەکەی دەوت"کاك فلاّن" تۆبرا گەورەی منی! ئەوەش درۆیەکی گەورەبوو لەپێش خەڵکو بەتایبەتی لەپێش هاورێکانی خۆی کەدەیکرد، بەلاّم هەموو بەیانیەك بەنیگای ئەویندارانە سپێدە باشیان لەیەکتر ئەکرد، ئێوارانیش لەگەڵ خۆرئاوابوون.. شەونەبوو بەئەستێرەکان یادی یەکتر نەکەن تاچاویان دەکەوتە شیرینترین خەو. ماوەتەوە بلێم(ئەم هەویرە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ) لەنووسینێکی وادا ناتوانین تەواوی داخی دلّمان هەلرێژین، راستیێژیمان دیلی رۆژگارە، ئاخۆ ئەم رۆژهەلاّتی ناوەراستە چ ولاّتێکی تاریکستانی ئێمەی تێکەوتووەو عەودالّی لەتێك نانی گەرمو بەرداخێك ئاوی فێنکی کردووین، هەمیشە دلّە هەستیارەکان لەنێوان مەرگو ژیاندان، رەنگە کەسمان تاوانبار نەبینین لەم دەریا تاوانەی تێی کەوتووین، بەلاّم تاوانبارین لەوەی کەسمان ئامادەنین باجی پێشکەوتنو تۆزێك گۆران بدەین.



رەنگە کەسمان تاوانبار نەبینین لەم دەریا تاوانەی تێی کەوتووین، بەلاّم تاوانبارین لەوەی کەسمان ئامادەنین باجی پێشکەوتنو تۆزێك گۆران بدەین

# ژیانی گوند

شیعر/ موحسین شوانی



بیرمە ژنی گوندباولێکیان هەبوو
لەتەنەکەو پەرچ دروست کرابوو
بەجۆرەها رەنگ بۆیە کرابوو
تۆپ و کلیلی لەسەر درابوو
کل وکلدانو شتی عەنتیکە
بازنو گوارە، خرخاڵ، ملوانکە
کراس و کەوا و قەنەفرۆکە
بنێشتی کوردی وهەندێ شەکرۆکە
بیرمە قورەپەست، بەزمی قورکاری
سواخی سەربانی سواخی دیواری
پێش ئەوەی بگا سەرماو سۆڵەوبا
تێکەڵکردنی خۆڵ و ئاو و کا
بیرمە کاری کەر، ئاوی ناوی بیری
دەولك کردن و تام تاڵ وسوێری
جەنجەر بەدووکەر دەهات و دەچوو
لێك جوودادەبوو دانەوێڵە زوو
جۆت وشۆبرین گەنم تۆکردن
بەهەرەوەرزی دروێنە کردن
جۆخین و رەوسە پرماشەلاّ بوو
پێش هاتنی نان زەکات درابوو
هەموساڵ هات بوو قاتی زۆرکەم بوو
بەقەدەر زەنی عەبد خوا داییبوو
بیرمە ژیانی ئاسوودەی ناو گوند
وەك بەهەشت ئاسا دەیانگوزەراند
باخچە لەپاڵ ماڵ کەرەوزوو توور
شلە ساوارو گەنم بەکاردی
پیرخەنی و کەنگر داندۆك بەساردی
پەنیرو کەرە شیرو ماست و دۆ
قەیماغ وسەرتوو لۆر لەگەڵ فرۆ
زەنگوڵی بزن وباعەباعی مەر
دەنگی کەلەشێر، زەرەی نێرەکەر
تۆزو بای پایزگەرمای هاوینان
سەوزایی بەهار، سەرمای زستانان
ریخ وقشپل وگوفەکی مالاّن
پەینی باخچە بێ داوو دەرمان
گۆشتی مریشك وهێلکەی خۆمانە
حەیران وبەستەوبەزمی شەوانە
کەرەمستانێ دەستەگوڵ بردن
تاکو بەیانی هەقایەت گۆتن
سەگی زۆر دروپیاوانی ئاغا
ئەوبەهەشتەیان تێکدابووبەخوا
سەیدوشێخ ومەلاکەم دووبوون
ماڵی مام کوێخاش لایەنگری بوون

یاریزان سەلاحەددین سیامەند

# لەتەمەنی ٢٨ ساڵی بڕیاری وازهێنان لەیاریکردن دەدات

## مەخموورم زۆر خۆشدەوێ چونکە خەڵکێکی زۆر لەو شارە منیان خۆشدەوێ

**تایبەت بە دەنگی مەخموور**

یاریزانی بەتواناو لێهاتووی کوردستان سەلاحەددین سیامەند لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە دەنگی مەخموور باس لە ژیانو دەستکەوتە وەرزشییەکانی تایبەت بەخۆیو بڕیاری وازهێنان لەیاریکردن بەیەکجاری دەکات.

دوای ئەوەی یاریزان سەلاحەددین سیامەند بەخۆشحاڵییەوە رەزامەندی بۆ ئەو چاوپێکەوتنە وەرزشییە دەربڕی، لەبەر ئەوەی هەوادارانی ئەو یاریزانە لەدەڤەری مەخموور گەلێ زۆرەو ئەویش بەوجۆرە باسی لە ژیانی تایبەتی وەرزشی خۆی کردو گوتی "ناوی تەواوم سەلاحەددین سیامەند تاهیر لەساڵی ١٩٨١ لە پیرمام لەدایك بوومە، سەرەتای دەست پێکردنم لەبواری وەرزش لە قوتابخانەکان بوو، هەرلەسەرەتاوە ئەو بەهرەیەم هەبوو لەسەر دەستی مامۆستا سەددیق کچگە، کە هەرئەویش پەروەردەی کردمو هاندەرم بوو، ئەوەبوو لەقوتابخانەی هێمنی سەرەتاییو دواتر لەناوەندی رووناکی دەستم پێکرد. تا لەلاوانی یانەی ئاسۆو لاوانی هەولێرو یانەی وەرزشی ئاسۆ، تاگەیشتمە یانەی هەولێر بۆ ماوەی ١٤ ساڵ یاریم لەریزی یانەی هەولێر کرد.

لە ماوەی ١٤ ساڵدا یاریزان سەلاحەددین چەندین دەستکەوتی وەرزشی بەدەستهێناوە هەروەك باسی لەودەستکەوتانەکردو گوتی "لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی ئێراق لە پالاوتنی ئاسیا لەبەنگلادیش توانیمان پلەی یەکەم بەدەست بهێنین کەوەك یاریزانێکی سەرەکی توانیم دوو گۆڵ

> **ئەگەر بەرپرسێکی گەورەی وەرزشی بام لەکوردستان وام دەکرد یانەیەکی کوردی لەناو بەغدا ٤ گۆڵ لە یانەی زەورا بکات**

تۆماربکەم لەو پالاوتیەدا. هەروەها توانیمان جامی ئاسیا بەدەست بێنین دوای بردنەوەمان لەیابان"

ئەوەی کە جێگەی شانازیو شایەنی باسکردنیێ سەلاحەددین سیامەند دەتوانین بڵێین تاکە یاریزانی کوردە کە خاوەنی گۆڵی جیهانیە لە جامی جیهانی لەولاتی ئەرچەنتین ئەوگۆڵەی لەدژی هەڵبژاردەی کەنەدای تۆمارکرد.

سەرەڕای ئەنجامدانی ٢٧ یاری نێودەوڵەتی بۆهەڵبژاردەی ئێراق، هەروەك سەلاحەددین دەڵێت "گرنگترینیان پالاوتنی جامی جیهانی بوو لەساڵی ٢٠٠٢ ئەوەبوو دوو ئەرکی زۆر قورسم پێ سپێردرابوو ئەویش یاریکردن بوو لەتەك هەردوو یاریزانانی وەك عەلی دایيو هەروەها سامی جابر".

سەلاحەددین سیامەند هەمووکات خۆی بەقەرزاری جەماوەری وەرزش دۆستی کوردستانو هەولێر بەتایبەتی دەزانێو پێی وایە "خۆشەویستی من



لەگەڵ جەماوەری وەرزشی هەولێر خۆشەویستیەکی راستەوخۆیە، هەموکات جگەلە ئارەزووەکەم بۆوەرزش ئەوا بۆ سەربڵندی شارەکەم یاری دەکەم".

دەربارەی ئاستی وەرزشوانانی کورد لەخولی کوردستانو ئێراق سەلاحەددین بۆچونێکی جیای هەیەو دەڵێ "ئەگەر من بەرپرسێکی گەورەی وەرزشی بام لەکوردستان وام دەکرد یانەیەکی کوردی لەناو بەغدا ٤ گۆڵ لەزەورا بکات" هەروەها ئەوەشی وت "ئێستا ئێمە وەرزشوانی کوردمان زۆرە زیاتر لە ٢٥ یاریزانی زۆر چاکمان هەیە، لەجیاتی ئەوەی گرنگیان پێ بدرێ بەداخەوە دەچن یاریزانی عەرەب دەهێننو بەملیۆنەها دیناریان لێ خەرج دەکرێت. بەراستی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان یاریزانی کوردو عەرەب دەکرێت تەنانەت لەخودی یانەی هەولێر بۆیە من بڕیارمدا بچمە یانەی دهۆك، بەلاّم هەستمکرد جەماوەری وەرزشی ئەوەیان زۆر پێناخۆشە، بۆئەم مەبەستە زیاتر لە ٤ هەزار نامەم لەرێگەی پۆستی ئەلیکترۆنیەوە بۆهاتووە هەروەها چەندین بەرپرسی گەورە لەهەموو ئاستەکان پەیوەندییان پێوەکردووم، بەلاّم کاتێك بینیم یانەی شارەکەم (هەولێر) جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ بۆندەکەم بە بەراورد لەگەڵ یاریزانەکانی تر کرد، هەرئەمەش بووەهۆی ئەوەی لەتەمەنی ٢٨ ساڵی بۆیەکجاری واز لەیاریکردن بهێنم".

لەکۆتایی قسەکانی یاریزان سەلاحەددین دەربارەی ئاستی وەرزش لەمەخموور گوتی "من هیچ گلەییم لەئاستی وەرزشی مەخموور نییە چونکە ساڵانێکی زۆر چەوساونەتەوە، بەردەوام رژێمە یەك لەدوایەکەکان هیچیان بۆئەوشارە نەکردووە، لەبەر ئەوە مەخموورم زۆر خۆشدەوێ چونکە خەڵکێکی زۆر لەوشارە منیان خۆشدەوێ، منیش زۆر وێنەی خۆم بەدیاری داوەتە خەڵکی ئەوشارە" هەروەها ئەوەشی راگەیاند "هەر کاتێك ئەگەر ببم بە شتێك ئەوا یەکەم شوێن کە ئیشی بۆبکەم ئەوا بۆمەخموور دەیکەم، هیوادارم ئاستی وەرزش لەوشارە بەرزبێتەوە رۆژێك دابێت یاریزانێك یان دوویاریزانی مەخموور لەیانەی هەولێر یاری بکەن".

# لەیادی ٥ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا (موحسین کەریم حەمدی)دا

**بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر یادی کۆچی دوایی وەرزشوانی دێرینو راهێنەری شاری مەخموور مامۆستا موحسین، لێرەدا راو بۆچوونی چەند وەرزشوانێکمان دەربارەی یادگارییەکانی مامۆستا موحسینو ژیانو بەسەرهاتی وەرزشی، هیواداریین بتوانین یادێکی شایستەی ئەو وەرزشوانە بکەینەوە**

**ئا: دەنگی مەخموور**

سەرەتا محەمەد مستەفا لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ یەکێکە لەوەرزشوانە دێرینەکانی شاری مەخموور ئەو بەوجۆرە راوبۆچوونی دەربارەی **(مامۆستا موحسین)** دەربڕی کە "لەساڵانی ١٩٧٠ەوە ئەوکاتە لەسەردەستی مامۆستا موحسین هەموو وەرزشوانەکانی مەخمووری لەقوتابخانەی قەراج کۆدەبونەوەو ئەوکات یارییەکی بەهێز ئەنجام درالەگەڵ یانەی عەنکاوە، ئەوەبوو دوای ئەوە کۆمەڵە گەنجێکی کۆکردەوە هەموو ئێواران لەگەڵ مامۆستا مەشقمان دەکرد، ئەوەبوو چەندین یارییەکمان ئەنجام دا، ئەوکات جلو بەرگ نەبوو، بەلاّم مامۆستای کۆچکردوو بەخۆی دەچوو لەدوکانەکان پارەی کۆدەکردەوە جل وبەرگی بۆدەکرین، تا وامان لێهات دەچووینە شارەکانی تری کوردستان".

هەروەها محەمەد مستەفا دەڵێت "ئەوکات (مامۆستا موحسین) خۆی لەگەڵ ئێمە یاری دەکرد، بۆیە دەتوانم بڵێم بناغەی وەرزش لەمەخموور مامۆستا موحسین بوو داینا. تابڵێی کەسێکی قسەخۆش بوو هەموو یاریزانەکان رێزیان لێ دەگرت، لە فیستیڤالی قوتابخانەکان دەورێکی یەکجار زۆری هەبوو، تەنانەت لەدوای راپەرینەوە ١٩ یاریمان لەگەڵ مووسڵ ئەنجام دا توانیمان ١٨ یاری ببەینەوە، لەوانە لەتیپی لاوانی زەورای موسڵ".

محەمەد نوری ئیسماعیل راهێنەری ئێستای یانەی مەخموور دەربارەی یادگارییەکانی لەگەڵ مامۆستای کۆچکردوو دەڵێت "من لەساڵی ١٩٩١ەوە یاریزانی مامۆستای موحسین بوومە، دوای ئەوە هەر



لەگەڵ مامۆستا کە ئەوکات یانەی وەرزشی مەخمووری دامەزراند ئەوەبوو لەخولی پلەسێ یاریمانکردوو توانیمان ببینە پلەدوو، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ ئێمە بەردەوام بوو. هەموو ژیانی مامۆستا هەر لەناو وەرزش بووە، راهێنەرێکی چەندی بلێی ماندووبوو بۆ وەرزش لەگەڵ ئەوەش زۆر بەجدی و کەسێکی دەم بەخەندەو پێکەنین بوو، جگەلەمەش لەکاتی مەشقکردنەکانی ئەودا بەسەدان کەس دەهاتنە دیار مەشقکردنەکانی ئەو، بەردەوام ئەو نوکتەو قسەی خۆشی دەکرد، تەنانەت لەمووسڵ کەیاریماندەکرد خەڵك دەهاتن وسەیری یانەی مەخمووریان دەکرد بەشی زۆری لەبەر مامۆستا موحسین بوو".

خالۆ وەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣، دەستەی دامەزرێنەری یانەی وەرزشی میدیایە دەربارەی **(مامۆستا موحسین)** دەڵێت "یادگارییم لەگەڵ مامۆستا زۆرە لەکاتی یاریکردندا راهێنەر شوێنی دیاریکراوی هەبوو، بەلاّم ئەو لەگەڵ هەر هێرشەك لەسەر هێڵی رای دەکرد لەکۆتایی ئەگەراوە شوێنی خۆی چونکە وا لێ راهاتبوو. جارێکیان لەگەڵ بروسك یاریمان هەبوو لەکاتی هێرشکردندا هاواری دەکرد" تۆپ بدەن بەجناح" ئاگای لەخۆ نەدەما هەر رای دەکردو تاخۆی لە تاریق عەبدولرەحمانی راهێنەری بروسکدا. هەروەها جارێکیان لە ٢٥-٧-٢٠٠٠ لەکاتی مەشقکردن ئەوکات زۆر گەرم بوو دیتم مامۆستا لەهۆش خۆی چوو یەکسەر بردمانە نەخۆشخانە لەژێر چارەسەری دابوو دەیووت "یاریزانی جەناح بۆ ڕاناکات تاوەکو ئۆڤەر بکات".

ئەوەی ماوەتەوە بیلێین هەروەك خێزانی خوالێخۆشبوو (دایکی ئارام) لەوکاتەی کەسەردانی ماڵەکەمان کرد هیوای ئەوەی دەخواست کە هەموو لایەك مامۆستا لەیادنەکەین هەروەك وتی "هەمووتان دەزانن مامۆستا چەندە ماندبووە لەگەڵ وەرزش تەنانەت ژیانی خۆشی هەر لەو پێناوەدا بەخشی، هیوادارم یادی بکەنەوەو داواش دەکەم کە ئەو مووچەیەی وەك رێزلێنان هەبوو بۆئێمە شتێکی زۆر باشبوو داواکارم ئەو مووچەیەمان بۆبگێرنەوە چونکە وەك دەزانن ژیانو بارودۆخمان زۆر ناخۆشەو چاوەروانم لەبەرپرسانی وەرزش ئاورێك لەماڵ و منداڵەکانی مامۆستا موحسین بدەنەوە".

هەروەها دایکی ئارام باسی لەوەکرد کە "بەردەوام مامۆستا کتێبو رۆژنامەی دەخوێندەوەو گرنگی بە وەرزش دەدا، بەلاّم لەخەمی منداڵەکانی دابوو لەبەر ئایندەیان زۆر خەمی ئەوە دەخوارد بەتایبەت لەسالانی نەوەدەکان لەطەل ئەوەش لەوەرزش دوورنەکەوتەوەو بەداخەوە بەنەخۆشیی کۆضی دوایی کرد".

# پەیڤێك لەژیانو بەسەرهاتی وەرزشی مامۆستا (موحسین مەخمووری)دا

**عەبدولرەحمان ئادەم**

هەر کاتێك ناوی خوالێخۆشبوو مامۆستا موحسین ببیستین کە ناسراوە بەموحسین مەخمووری، ئەوەمان دێتەوە یاد کە ئەو مرۆڤە چەندکاریگەری هەبووە لەسەر بزاڤی وەرزش لەدەڤەری مەخمووروو چەندە ماندووبووە بۆئەوەی ئەو ناوچەیە وەك ناوچەکانی تری کوردستان پێشکەوتنی وەرزشی بەخۆیەوە ببینێو خەونی مامۆستاش ئەوەبوو رۆژێك لەرۆژان تیپو یانە دروست بکاتو ئەوناوچەیەش بێ بەش نەبن لەوەرزش. مامۆستا موحسین توانی ئەو خەونانەی بێنێتەدی ئەوجولانەوە وەرزشییە کەئێستا هەیە بەرووبومی ئەو مامۆستایەیە.

ناوی تەواوی مامۆستا موحسین (موحسین کەریم حەمەدی)، لەساڵی ١٩٤٨ لەشارۆچکەی مەخموور لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی هەرلەوێ تەواو کردووە، دوای ئەوە لەخانەی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوەو دوای تەواوکردنی پەیمانگا لەگوندی (زیتێ) سەربەناحیەی مێرگەسووربەمامۆستا دامەزراوە.

لەساڵی ١٩٧٢ گواستراوەتەوە بۆمەخموور لەقوتابخانەی قەراجی سەرەتایی دەست بەکاردەبێت، هەر لەقۆناغی منداڵیەوە ئارەزووی لەوەرزش کردووە، بەلاّم زیاتر لەقۆناغی ناوەندی دەستی بە وەرزش کردووە. دوای ئەوەی لەخانەی مامۆستایان وەردەگیرێ زیاتر تواناکانی دیاردەکەوێ بەتایبەتی لەخولی دواناوەندییەکانی هەولێر کەیاریزانی دیاری ئەوتیپەبووە، هەربۆیە لەریزی هەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر وەردەگیرێ بۆچەند ساڵ یاری دەکاتو هەروەها لەیاری گۆرەپانو مەیدانیش یاریزانێکی لێهاتوو بوو. مامۆستا هەربەخەونی ئەوەبوو کەتیپی تۆپی پێی مەخموور دروست بکات هەربۆیە لەقوتابخانەی قەراج یەکەم تیپی دروستکرد کەبۆماوەیەکی کەم توانی ئاستیان بەرزبکاتو یەکەم یاری بکات لەگەڵ دواناوەندی مەخموور کەتوانی سەربکەوێ بە ئەنجامی(١-٠). ئەو یارییەی لەیاریگای دواناوەندی مەخموور بەرێوەچوو، لەدوای ئەوە توانی یاریزانانی هەردوو قوتابخانە کۆبکاتەوە تیپێکی رێكو پێك دروست بکات کەیەکەم یاریی ئەنجامدا لەساڵی ١٩٧٣ لەیاریگای دواناوەندی مەخموور کەهەرچەندە یاریگایەکی یاسایی نەبوو، بەلاّم هەر ئەوە هەبوو لەگەڵ تیپێك لەیاریزانەکانی دێهاتەکانی ناوچەی خاورووی مەخموور کەئەو کات گۆڵی یاریگا بەدارو گوریس دروستکرابوو بەلاّم جەماوەرێکی زۆر ئامادەببوون. دوای ئەوەش لەساڵی ١٩٧٥ توانی یەکەم یاریگادروست بکات کە لەجێگای یاریگای ئێستاکەبوو، بەئەرکو ماندووبوونی مامۆستا موحسین خۆی بوو ئەوکاتە مامۆستا بوو لەقوتابخانەی مەخمووری سەرەتایی کەنزیك بوو لەو یاریگایە، هەروەها قوتابییەکانی دەهێنا بۆپاككردنەوەی یاریگا لەبەرد وە هەر لەم ساڵەش تیپێکی بەرەسمی دامەزراند کە زۆربەی یاریزانی هەر دوو قوتابخانەکەی پیشوبوون وە بۆماوەیەکی کەم توانی ئاستی ئەم بەرز بکاتەوە وە بەشداری بکات لە خولی تیپە ملیییەکانی شاری هەولیر وە ئەم تیپە تاکوو سالی ١٩٨٣بەردەوام بوو توانی ئەنجامی زۆر باش بە دەست بهینی لەم یارییەیانەی کە ئەنجام بدات وە یەکەم یاریی کە لەم یاریگایەکرا لە سالی ١٩٧٦لەگەل تیپی سەلاحەددین هەولیر کە سەرکەوت ٣-١ گۆل وە باشترین ئەنجامی بردنەوەی لە تیپی ئازادی هەولیر ١-٠ کە یەکەمی تیپەکانی شاری هەولیر بوو و بردنەوەی لە تیپی رەحیماوەی کرکوك ٥-٠ وە لە کۆیە ٣-١ لەشاری کۆیەو و چەند یاری تر وە یاریزانەکانی ئەو تیپە بریتی بوون مامند تاهیر، ئەبوبەکر عومەر، عەبدولرحمان ئادەم، محەمەد، مستەفا، سەرباز هاوار، (خوالیخۆشبوو عەزیز قادر) ئیبراهیم قادر، هاشم عەلی، بورهان عەبدوڵلا، جەمیل حەمەد، عەبدلواحید جەمیل، برجۆ حەسەن، (خوالیخۆشبوو ئەبوبەکر مستەفا) زیاد رەفیق، عەونی ئەحمەد، قاسم شێخ محەمەد، رەفیق عوسمان، تاهیر وسو، محەمەد سادق.

هەروەها مامۆستا لە چالاکی وەرزشی قوتابخانەکانیش دەوریکی گەورەی هەبوو لە ئامادەکردنی یاریگا و بەریوەچونی وە هەر بەوەندەش نەوەستا لەسالی ١٩٩٥دوای ماندووبونیکی زۆر توانی یانەی مخمووری دابمەزرینی کەو دلیر صابر سەرۆکی بوو کە بەشداریان کرد لە خولی تۆپی پی پلە سی کە توانی یانەکە بکاتە پلە دووی عیراق و ئیستاش سەرەرای بوونی یانەی مەخموورو قەرەچۆغ و بوونی چەندین تیپی میلی وە دەرکەوتنی چەندین یاریزانی بەتوانالەم دەڤەرەو بەشداری کردنیان لەچەندین پالەوانیێتی. ئەوەش بەروبومی ئەو مامۆستا ماندوونەناسەیە کەتوانی بەپێی توانای خۆی سودێکی گەورەی وەرزشی بەم دەڤەرە بگەیێنێو ناوی لەتۆماری وەرزش هەتا هەتایە بمینیً.

مامۆستا موحسین لەتەمەنی ٥٥ ساڵی لەشاری هەولێر کۆچی دوایی دەکاتو، لەسەر داوای خۆی لەگۆرستانی مەخموور نێژرا. لەدوای خۆی ٥ منداڵی چاوگەشی جێهێشت. هەزاران رەحمەت لەگۆڕی ئەومامۆستایە ماندوونەناسە.

## لە مەخموور بۆ پێشخستنی وەرزش چی بکرێت

عەبدولرەحمان ئادەم



بێگومان وەرزش ناسنامەیەکی گرنگی میللەتانی جیهانە. ئاستی بەرزی وەرزشی لەناو میللەتێك نیشانەی پێشەکەوتنیەتی، بەتایبەت لە کاتی نوێنەرایەتی کردنی لەبۆنە وەرزشییە گەورەکانی وەك یارییەکانی ئۆلۆمپیاتو یارییە کیشوەرییەکان.

هەرچەندە ئێستا بزاڤی وەرزش لەکوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی وەرزشیو دامەزراندنی وەزارەتی وەرزشو لاوان کەکاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەبەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش لەکوردستاندا.

هەروەها لەزۆربەی شارو شارۆچەکەکانی کوردستان یاریگاو هۆڵی داخراوی وەرزشی لێ دروست کراوە، کەئەمەش سوودێکی گەورەی وەرزشی هەیە بۆ ئەو ناوچانە.

بەلاّم بەپێچەوانەوە دەڤەری مەخموور ئەوکاتەی کە رژێمی بەعسیی رووخاوو هەروەك چۆن بەر شالاّوی تەعریبو راگواستن کەوتبوو، بەهەمان شێوە هیچ گرنگیەکی پێ نەدەدرا، کەببوە هۆی دواکەوتنی ئەو دەڤەرە لەهەموو بوارێك. بەتایبەت ئێستاکە لە لەبواری وەرزش کەموکورییەکی زۆری پێوەدیارە، بۆیە ئەگەر بێتو بەراوردێك لەنێوان ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکەین دەبینین ئەو دەڤەرە هیچ بایەخێکی وەرزشی ئەوتۆی پێوە دیار نییە کەشایەنی باسکردن بێت. هەربۆیە داواکارین لە وێگای رۆژنامەی دەنگی مەخموور کەوا یاریگایەکی گونجاو لەگەڵ هۆڵێکی داخراو بۆچالاکییە وەرزشییەکان دروست بکرێت، بۆ زیندوو بوونەوەی بزاڤی وەرزشی لەم ناوچەیە تاوەکو شان بەشانی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بێتە نێو مەیدانی ململانێیە وەرزشییەکانو، هەروەها بۆ سوود وەرگرتن لاوانو ئارەزوومەندانی ئەم ناوچەیە بۆبەشداری کردن لەپالەوانیەتیو خولەکانی کوردستان.

مۆبایل و ئیمێلی
خاوەنی ئیمتیاز
٠٧٥٠٤٤٧٠٠٩٧
snjawi@gmail.com

مۆبایل و ئیمێلی
سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥٥٤٦٣
Bakhtear_palany@yahoo.com

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور